

# کۆکردنەوەی تەزرە!

د.موحسین ئەحمەد عومەر

ئەمڕۆ سپێدە زوو لە شاری بابیلیم دەرچووین، لە دەروازەی "سین" هەندێ جاریش لە دەروازەی "لۆگالگیرا" دەردەچین کە بەرەو باکوور دەچن، دەروازەی "سین" بەیانیان لەگەڵ تاری و ڕوونی دەکرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە ڕاسپاردەی کارێکی شاهانەین بۆ "شا بێلشانائوزور"، دەبوایە لە زوویەکەوە دەرچین، پێش ئەوەی دنیا گەرم بێ، تەواوێک ڕۆیشتبین، دەرگاوان کە سەرەک یاساوڵی ئەو خاڵەیە ئێمە دەناسێ، چونکە هەموو ساڵێ، لە مانگی ڕەشەمێ تا مانگی جۆزەردان ئەمە کاری ئێمەیە، دێین و دەچین، هەر سەفەرێکمان بیست ڕۆژێک دەخایەنێ، هەفتەیەک لەشار دەمێنینەوە، پشوویەک دەدەین، دیسان دەکەوینەوە ڕێ، ئێستە مانگی گوڵانە، باران کەمتر بووە، ناوەوە گەواڵە و تەزرەیەکی بەهێز دادەکا، ئێمە دەبێ بە زووترین کات خۆمان بگەیەنینە دەریاچە و گۆماوە گەورەکانی باکوور، ئەوانەی لەسەر ڕێگەی ئەکباتانن، لەوێ پێش ئەوەی بگەینە شاخەکان، چەندان دەریاچەی لێیە، دەبێ لە چوار دەورەی ئەم دەریاچانە نیشتەجێ بین و چاوەڕێ بکەین تەزرە بباریێ و بە خێرایی لەسەر ڕووی ئاوەکان کۆیان بکەینەوە لەناو فەردە گوشانی بکەین، پاشان ئەو فەردانە بە پەڵکە چروو و پووش و پەڵاش داپۆشین و هەر بە خێرایی بگەڕێینەوە بۆ شار، هەمووی ڕادەستی دەستوپێوەند و یاساوڵەکانی "بێلشانائوزور" بکەین، بەرانبەر بەم کارە، خۆراک و هەندێ پێداویستیمان دەدەنێ بایی ئەوە دەکا تا زستان دەڕوا پێی بژین، دیسان دەبێ لە زوویەکەوە تێ هەڵچینەوە، ئێمە لە مانگی ڕەشەمێ تا ئەو کاتەی شەو و ڕۆژ یەکسان دەبن، تا سەر شاخەکانی زاگرۆس دەچین، لەوێ تەلیسی گەورە پڕ لە بەفری پاک دەکرێ و دیسان بە پووش و پەڵاش و پەڵکە چروو و سەروو دادەپۆشرێ، سیچل هێستر بار دەکرێ و بە خێرایی دەگەڕێینەوە بۆ بابیلیم، لەم سەفەرانەدا ئێمە ژنەکان ناچین، تەنیا پیاوەکانمان

دەچن لەگەڵ دە دوازدە چەکدارێک بە شیر و ڕم و ئەسپسواری، بەڵام بۆ تەزرە کۆکردنەوە لەسەر ڕووی دریاچەکانی باکوور، ئێمەش دەچین، چونکە لەوێ دەبێ ماوەیەک بمێنینەوە، چاوەڕێی تەزرەبارین و گەواڵە و هەورە تریشقە بین، بە تایبەتیش ئەم ناوچەیە بە تەزرەبارینی زۆر ناسراوە، چونکە شوێنێکی گەرمەسێرە، هەر جارەی کە تەزرە دەبارێ، هەر دەنکێکی بەقەد گوێزێک دەبێ، ئێمەش بەو هیوایەین ئەم ساڵ بەختمان باش بێنێ.

ئەم جارە ئێمە زوو، هێشتا دنیا تەواو تاریک بوو دەرچووین، سەرۆک یاساوڵەکانی دەرگەوان خۆی لە "دەروازەی سین" وەستابوو، چەند چەکدارێکیش لەم لاو لەولا دەبینران، یەک دووانێکیش لەسەرەوە تەماشای ئێمەیان دەکرد. بە خێرایی دەرگایان لێ کردینەوە، زۆر پەلەیان لێکردین زوو تێپەڕین، هەڵبەت بە هۆی ناتەواوی هەڵکەوتی سیاسی، گوایە ئەمڕۆ نا سبەی کۆرش هێرش دەکاتە سەر بابیلیم و دەمێکە مرخی خۆی لێ خۆش کردووە، بۆیە ناوە ناوە چەکداری ئێلامی لە دەوروبەری شار دەبینران و ئەوانیش ڕاویان دەنان. کە تەواو خۆمان لە پشت دەروازەی سین دۆزییەوە، لە دوامان، ئەو دەرگا زلە بە جیڕەجیڕ و قرچ و هۆڕ و هەراو زەنایەکی زۆرەوە داخرایەوە، پاشان دنیا کشومات بووەوە، تەنیا دەنگی پێ و هەناسەی هێسترەکان دەهات، سەرەنجام بە بێدەنگی بەناو ڕەشماڵی هەڵدراوی کۆچەرییەکانی کەمێک دوور لە شوورەی شار تێپەڕین، کە هێشتا لە ناو خەو بوون.

هێسترەکان لەم سەرە، لە چوون، باریان سووکە، تەنیا هەندێ خۆراک و پێخەف و تیڕ و فەردە گوشێکی زۆر و هەندێ ئالیکیان هەڵگرتووە، بەڵام لەوسەر، لە گەڕانەوە باریان تۆزێک قورسترە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە گەڕانەوە دەبێ بە خێرایی بگەڕێنەوە، بێ وەستان، ڕێگاکەش دوورە، هەرچەند پێش کەون، بە هۆی ماندووبوون، بارەکەیان قورستر دەبێ، لە چوون بە ڕۆیشتنی ئاسایی دەڕۆین، جارێک، یان دوو جار پشوو دەدەین، دواتر دەگەینە لێواری دەریاچەکان، بەڵام لە گەڕانەوەدا بێ وەستان دەگەڕێینەوە، هەرکە گەیشتینە ناو شار، دەبێ فەردە و گوشە پڕ لە تەزرەکان ڕادەستی یاساوڵەکانی کۆشکی "بێلشانائوزور" بکەین، ئەوانیش بە خێرایی لە ژێر زەمینی کۆشک دایدەنێن، کە هەندێکیشی بۆ پەرستگای "ئێزاگیل" دەنێرن کە لە گەڕەکی "پیرۆز"ی بابیلیمە، خواوەندی گەورە "مەردوک"ی لێ نیشتەجێیە، کاهینەکان لەناو پووش و پەڵاش دەیشارنەوە، بەم جۆرە بە درێژایی هاوینی گەرم و قاقڕ و وشک، "پاشا نابونید" و کوڕەکەی بێلشانائوزور، شاژنی جوان "نیتۆکریز" دایکی "بێلشانائوزور" لەگەڵ کاهینە سک ئەستوورەکان، تەزرە و بەفر لە شەربەت و گۆزە ئاو دەکەن، خەڵکی ئاسایی شاریش ئاوی فورات دەخۆنەوە، کە میوانی ڕەسمیشیان دێ لە شار و دەوڵەتە دوورەکانی وەک ئێلام و شووش و نینەڤاو لارسا و ئەکباتان و شوێنی دی، گۆزەی پڕ لە ئاو و شەربەتی ساردکراو بە تەزرە و بەفر لە پێش میوانەکان دادەنێن، خواردنەوەی ئەم ئاو و شەربەتە ساردە بەم هاوینە گەرمە، لە کاتێکدا قوڕقوشم و ئاگر بەسەر شاردا دەبارێ، لایان وەک ئەفسوون و جادووە، هەڵبەت دیاری ئاسمانە، هەتا دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان هەر باسی دەکەن. تاکوتوکیش لە پیاوماقووڵانی شاری کە بەسەردان دەچنە کۆشک، یان سەردانی پەرستگای ئیزاگیل دەکەن، ئەم بەفراو و شەربەتەیان لە پێش دادەنێن، ئەمەش لە گەڕانەوەیان، دوای گێڕانەوە بۆ خەڵکەکە، دەبێتە وێرد و قسەی نەستەق، بە درێژایی ساڵ لە دانیشتنەکانیان باسی دەکەن، "ئەو ساڵەی شتێکمان لە کۆشک خواردەوە، نارنجی بوو و زۆر سارد و شیرین بوو"، هەندێکیش پێیان وایە ئەم بەفراو و شەربەتە ساردانە لەلایەن خواوەند "مەردوک" پێشکەش بە کۆشک و سەرا و پەرستگا دەکرێ، کارێکی ئیلاهییە، بە گشتی لەناو خەڵکی ئاسایی، ئەمە وەک دەنگۆ و ئەفسانە و شتی سەیر و سەمەرە باسی دەکرێ، هەڵبەت لەمەش ڕاز و نهێنییەک هەیە، چونکە ئەم کارەی ئێمە دەیکەین، هێنانی بەفر و کۆکردنەوەی تەزرە، لەبەر باری ئاسایشی وڵات بە نهێنی دەکرێ و کەس نایزانێ، بێ گومان لەبەر کۆمەڵێک هۆ و هۆکار، بۆ نموونە نەوەکا بەفر و تەزرەکان ژاراوی بکرێن، یان بکەونە دەست خەڵکی ئاسایی.

ساڵی پار زیاتر لە شەست فەردە تەزرەمان کۆکردەوە، ئەم ساڵ ئەمە یەکەمین سەفەرمانە، ڕۆژگاریش باش نییە، چونکە دەنگۆی ئەوە هەیە ئەو سەر ڕێگایانە پڕ بن لە چەکدار و پیاوەکانی کۆرشی ئێلامی کە لە شووش

دادەنیشێ، خەڵکی شووش بە کۆرشی گەورە بانگی دەکەن. ئەم زانیارییانەش تا لای ئێمەش هاتوون، بەڵکو زۆرتریش ڕۆیشتوون. ناووبانگ گەیشتووەتە باکوور و نینەڤا و لێوارەکانی ئایۆن و فینیسییەکان، لە باشووریش تا ئەریدۆ و کیش و لارسا و تیبەر ڕۆیشتووە، گوایە کۆرشی گەورە ئەمڕۆ نا سبەی هێرش دەکاتە سەر شارەکەمان بابیلیم کە ئەوان هێشتا بە ناوە سۆمەرییە کۆنەکەی "کادینگرا" ناوی دەبەن، بۆیە بە شەو و ڕۆژ، سەر دیوارە بڵند و پان و بەرینەکان پڕن لە سەرباز و یاساوڵەکان، لێپێچینەوە لە هەموو کەسێک دەکەن، هەموویان شیری رووتیان بە دەستە. ناوە ناوەش سی- چل سوار بە خێرایی لە شار دوور دەکەونەوە، کاری پشکنین دەکەن، پاشان هەر زوو لەگەڵ دنیا تاریکبوون دەگەڕێنەوە، هەندێکی دی دەردەچن، بۆیە لە بەرێ کردنمان لە دەروازەی سین، زۆر بە خێرایی ئاودیویان کردین، ئێمە نزیکەی سی- چل ژن و پیاو بووین، هەر ژنە لەگەڵ پیاوی خۆی و باری خۆی، هەر یەکەشمان چوار - پێنج هێسترمان دابووە پێش خۆمان. سەرەنجام کەوتینە ناو ئەم دەشتودەرە، دنیا هێشتا فێنک بوو، هەرچەند بەرەو باکوور دەڕۆیشتین، دنیا سەوزتر دەبوو، گیاوگۆڵ لە ئەژنۆ بوو، ڕێگاکەمان نزیکەی شەو و ڕۆژێکە.

ڕۆژی دووەم لای نیوەڕۆ دەگەینە لێواری دەریاچە و گۆماوێکی زۆر بەرین، دەبێ لەوێ دانیشین، خیوەت و بارگە و بنە دانێین، چاوەڕێی تەزرەبارین بکەین، خواوەندەکان هاریکارمان بن، بەختمان هەبێ ئەم ساڵ گەواڵە و شەستە باران زۆر بێ و تەزرە و بارانێکی بەخوڕ بباریێ، بەڵام لەو ساتەوەی دەگەینە جێ، دەبێ خەریکی ڕێکخستنی تۆڕە ورد و گەورەکان بین، ئەگەر تەزرە بباریێ، دەبێ پیاوەکان و ژنەکان بە کەڵەک و بەلەمی بچووک لەسەر ئاوەکە بن و تۆڕەکان بە خێرایی بهاوێژن، هەر ژن و مێردە، دەبێ بچێتە لایەکی ئاوەکان، هەتا پێیان دەکرێ، دەبێ لێک دوور بکەونەوە و تۆڕەکە بهاوێژن و لەوسەر بە خێرایی بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی لێی لێک جیابوونەتەوە، لەوێوە تۆڕەکە ڕادەکێشن، تا لێواری دەریاچەکە، تەواوی تەزرەکان دەهێننە سەر گیاوگۆڵ، ئینجا بە خێرایی لە فەردە و گوشانیان دەکەن و دەیانپەستن و لەناو پووش و پەڵاشیان دەنێن تا هەتاوی پێ نەکەوێ، دەبێ تەزرەی داپۆشراو بە پووش و پەڵاش جارێکی دی لە ناو فەردە گوشێکی دیکە بنرێن، یان لەناو تەلیسێکی گەورەتریان بنێن و توند سەریان داخەن و هەر بە خێرایی دەخرێنە ناو تێرەکانی سەر پشتی هێسترەکان و هەر ئەو دەمەش دەبێ ڕێگەی گەڕانەوە بگرن، بێ وەستان دەبێ بگەینەوە شار، ڕادەستی یاساوڵ و قەڕاوڵەکانی پاشا و کاهینە گەورەکانی "بێلشانائوزور" و پیاوەکانی خواوەندی گەورە "مەردوک"یان بکەین، ئەوانیش لەناو ژێرزەمینی کۆشک و پەرستگای گەورەی "ئیزاگیل" دەیانشارنەوە.

ئەمە هەفتەیەکە دنیا خۆشە، هەر خەریکی ڕاوە ماسین، پەڵە هەورێک چییە لە ئاسمان نییە، دنیا زێڕەوشانە، هەتا بڵێی جوان و پاک و بێگەردە، بەیانیان لەگەڵ دەنگی هەزاران مەل و باڵندە و گیانەوەران بەخەبەر دێین، پیاوەکان لە دەم ئاوەکان بە درێژایی ڕۆژ دێن و دەچن، لەبەر ناحەزی و دوژمنداری خەڵکی دەوروبەری ئاوەکانیش ناتوانین دوورتر بڕۆین، بە گشتی هەموومان، ڕۆژەکان بە ماتومەلوولی بەڕێ دەکەین، ئاسمانی ساماڵ و سایەقەش ئەوەندەی دی بێتاقەتی کردووین، ئەگەر بێ تەزرە بگەڕێینەوە شار، ئەم زستانە چۆن ڕزگارمان دەبێ، کێ بە هانامانەوە دێ، هیوامان بە هەفتەی سێیەم بوو بیکاتە گەواڵە و هەورە تریشقە، بەڵام هیچ، پیاوەکانمان بە قەد ساڵێک وێرد و نوێژیان بۆ "خواوەند مەردوک" خوێندووە و ئەوەندەی لێی بپاڕێنەوە بەهانایان بێ و تەزرە بباریێ، بەڵام هەر هیچ، پاشان لە بێزاری و بیرکردنەوە لە زستانی ئایندە، بە کۆمەڵ نەفرەت و پلاریان بۆ خواوەند "مەردوک" دەنارد، یاساوڵ و چەکدارەکانیش بە دار و قامچی وەردەگەڕانە سەریان و دەیانگوت:"ئێوە چۆن کفر و گوناهی وا دەکەن، ئەی ئەگەر خواوەند مەردوک لێمان تووڕە بوو، ئەوسا چی بکەین، فەرموو ئێستە کە تەزرە نییە و نابارێ بێ گومان لێمان تووڕە بووە، ئەمەش وەک سزایەکە، فەرموو ئێستە چی دەکەن؟" بێ گومان لە کۆتایی هەفتەی سێیەم زۆر بێتاقەت بووین، برستمان لێ برابوو، ڕۆژێک لای نیوەڕۆ لەناکاو ئەو سوار و چەکدارانەی لەگەڵمان هاتبوون، بە خێرایی سواری

ئەسپ بوون و بۆی دەرچوون، ئێمەش بێ پاسەوان ماینەوە، ژنەکان دەترسان، پیاوەکانیش سەریان لێ شێوابوو چی بکەن و چۆن بێ تەزرە بگەڕێنەوە، بێ گومان پاشا "بێلشانائوزور" و کاهینە گەورەکان هەموومان لە زیندان دەنێن و ئازارمان دەدەن، سەرەنجام کەمێک دوای ڕۆیشتنی سوارەکان، ئێمەش بە خێرایی بارگە و بنەمان پێچایەوە ڕێگەی گەڕانەوەمان گرت، هەتا لە شار نزیک دەبووینەوە دووکەڵ و بۆن سۆ زۆرتر دەبوو، خەڵکی پەرێشان و ڕووت و ڕەجاڵ و بریندارمان دەبینی، خەڵک بە کۆمەڵ بەرەو باکوور ڕایان دەکرد، سوار دەهاتن سوار دەچوون و بە غار دەڕۆیشتن، کە گەیشتینە نزیک دیوار، دەروازی سین داخرابوو، ناچار بووین بە دەروازەی "لۆگالگیرا" خۆمان بخەینەوە ناو شار، لەوێش لێدان و کوتان بوو، لە پیاوەکانیان دەدا، ژن و منداڵە جوانەکانیان دەفڕاند، باش بوو من ئەوەندە جوان نەبووم، ئەگینا منیشیان دەفڕاند، لە ناوەڕاستی شار دووکەڵێکی گەورە هەڵدەستا، کۆمەڵێک سواری نەناسراو ڕایانگرتین و بە زمانێکی دی قسەیان دەکرد، زیاتر بە زمانی ئێلامی خەڵکی شووش دەچوو، ئێمەیان پشکنی، پاشان وێڕای سووکە لێدانێک ڕێگەیان داین بڕۆین، دوای ئەوەی دەستیان بەسەر هێستر و هەموو کەلوپەلێکی ئێمەدا گرت.

سەرەنجام دوای ماندووبوونێکی زۆر گەیشتینەوە ناو ماڵ، بەڵام چ ماڵێک، چۆڵ و هۆڵ، هەتا گۆزە ئاوەکانیشیان بردبوو، هەندێ گەنم و جۆ و خورمامان هەبوو، ئەوانیشیان بردبوو، هەموو شتێکیان تاڵان کردبوو، کۆرشی گەورە بەسەر شاریدا دابوو، لە ڕێگای ئاوەوە، بە ناو فوراتدا هاتبووە ناو بابیلیم، تەڕ و وشکی سووتاندبوو، بێلشانائوزور لەگەڵ باوکی شا نابونید و ژنە جوانەکەی نیتۆکریز هەڵاتبوون، پەنایان بۆ شاری لارسا بردبوو، بەڵام دڵنیام کۆرش لەوێش ڕاویان دەنێ، ڕۆژی پاشتر لە پێش کۆشک و پەرستگای گەورەی ئیزاگیل، شوێنی نیشتەجێی خواوەندی گەورە "مەردوک"، خواوەندی خواوەندان، کاهینەکان بە گەورە و بچووکیان، وێڕای فەرمانبەر و کاربەدەستان، هەموو لە پێشوازی کۆرشی گەورە بوون، هێشتا تەواو نەگەیشتبوو، ئەوان دەمێک بوو کڕنووشیان بۆ بردبوو. کۆرشی گەورە بە خۆی و تەدارەکی گەیشتە پێش پەرستگا، کاهینی گەورە لەگەڵ دەستەی گەورەی پیاوماقووڵانی بابیلیم بە خۆیان و شەربە و گۆزەی ڕازاوە لە زیوی بێگەرد، پڕ لە شەربەت و ئاوی سارد و پڕ لە تەزرە پێشوازییان لێ کرد.